# بەش: زمانی کوردی
# کۆلێژ: پەروەردەی بنەرەتی
# زانکۆ : سەلاحەدین – هەولێر
# بابەت: رێبازی توێژینەوە
# پەرتووکی کۆرس – (دکتۆرای زمان)
# ناوی مامۆستا : پ.ی.د. بدرخان سليمان على
# ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣/٢٠٢٤

# پەرتووكی كۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی كۆرس | ڕێبازی توێژینەوە |
| ٢. ناوی مامۆستای بەرپرس | پ.ی.د. بدرخان سليمان على |
| ٣. بەش/ كۆلێژ | زمانی كوردی/ كۆلیژی پەروەردەی بنەرەتی |
| ٤. پەیوەندی | ٠٧٥٠٤٨٥٥٩٤٧ |
| ٥. یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: ٣ پراکتیک: ٠ |
| ٦. ژمارەی كاركردن | یەک ڕۆژ لە هەفتەیەكدا |
| ٧. كۆدی كۆرس | |
| ٨. پرۆفایلی مامۆستا | بڕوانامەی بەكالۆریۆس: زانكۆی سەلاحەددین/ هەولێر، كۆلیژی ئاداب ، بەشی كوردی، ١٩٩٧<br>بڕوانامەی ماستەر: زانكۆی بەغدا، كۆلیژی پەروەردەی ئیبنولروشد ، بەشی كوردی، ٢٠٠٦<br>بڕوانامەی دكتۆرا: زانكۆی سلێمانی، فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان، سكوڵی زمان ، بەشی كوردی، ٢٠١٥<br>ساڵی دامەزراندن: ١٩٩٧<br>خزمەت لەزانكۆ: لە ٢٠٠٧ ە وە تا ئێستا<br>نازناوی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر |
| ٩. وشە سەرەكیەكان | ڕێباز، ، لێكۆڵینەوە، سەرچاوە، زانستی یاریدەدەر، ناونیشان، ناوەڕۆک، پلان، كۆكردنەوە، تێبینیكردن، تۆماركردن، پێشەكی، پەراوێز، ئەنجام. |

10- ناوەڕۆكی گشتی كۆرس:

ڕێبازی لێكۆڵینەوە، گرنگی خوێندنی ئەو بابەتە لەوەدایە كە قوتابی/ خوێندكار فێری چۆنییەتی گرتنە بەری ڕێبازی زانستی دەكات لەبارەی چۆنیەی ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی زانستی ئەكادیمی بەپێی ڕێبازی زانستی.

**١١. ئامانجەكانى كۆرس :**

**ئامانج لەم بابەتەدا ئەوەیە كە قوتابی فێردەكا چۆن ناونیشانی بابەتێكی زانستی هەڵبژێرن و پلانی بۆ دابنێن و بەشە سەرەكییەكان و تەوەرە و بەندەكانی لێكۆڵینەوەكەی بەپێی میتۆد و پرانسیپی زانستی دیاری بكا و چۆنیەتی دەستپێكردنی ئەنجامدانی توێژینەوەیەک كە پشت بە سەرچاوەی زانستی ئەكادیمی ببەستێ و هەنگاو بە هەنگاو توێژینەوەكەی ئەنجام بدا و دووركەوێتەوە لە وەرگرتنی بیرۆكەی خواستراو و پشت بەخۆبەستن لە ئەنجامدانی توێژینەوە بە سوودوەرگرتنی لەسەرچاوەكانی پێش خۆی و وردی و راستگۆ لەوەرگرتنی زانیاری سەرچاوە و كتێبەكانی پێش خۆی. هەروەها چۆنیەتی جیاكردنەوەی بەشی مەیدانی و پراكتیكی و تیۆری و پشت بەستن بە رێبازی زانتی تایبەت بەو بابەتەی كە توێژینەوەی تیادەكا. هەروەها چۆنیەتی هەڵێنجانی ئەنجام و بەدەستهێنانی ڕاستییەكانی نێو توێژینەوەكانی و پوختكردنەوە ئەنجامەكانی و چۆنیەتی گەیشتن بە پێشنیاز و ڕاسپاردە لەو بابەتەی توێژینەوەی تیا دەكا.**

**هەروەها چۆنیەتی نووسینەوەی پەراوێز و سەرچاوە بەكارهاتووەكان و ڕیزكردنی لیستی سەرچاوەكان.**

**12- ئەركەكانی قوتابی :**

**ئەركی قوتابی لەم بابەتەدا زۆرگرنگە كە ئامادەبوونی بەردەوامیان هەبێ و تێبنییەكان تۆماربكەن و بەشداربن لە وانەكە بە ڕێگای گفتوگۆو خستنە رووی تێبینییەكان" هەروەها خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەی كە لە لیستی سەرچاوەی كۆرسبووكەكە ئاماژەیان پێكراوە" بۆ ئەوەی پێشوەختە زانیارییان هەبێ لەسەر بابەتەكە.**

.

**13- ڕێگەی وانە ووتنەوە**

**لەم وانەیەدا چەندین شێواز بەكاردەهێنری بۆ گەیشتن بەئامانجەكان و گەیاندنی زانیارییەكان بۆ قوتابی وەكو ڕێگای ئامادەكاری،كە تیایدا بابەتەكان بە قوتابیان دەدرێ لەگەڵ بەكارهێنانی چەند ڕێگایەكی دیكەی وەكو ڕێگای گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام (الاستجواب) لەپێناو دەوڵەمەندكردنی بابەتەكەو باشتر گەیاندنی زانیارییەكان. بەكارهێنانی هەریەک لەم شێوازانەش بەپێی سروشتی بابەتی وانەكەو بوونی سەرچاوەو هۆكاری پێویستی لەبەردەستدا بوو دەگۆڕێ.**

**14- سیستەمی هەڵسەنگاندن**

**هەڵسەنگاندن لەم بابەتەدا بە ڕێگای ئەنجامدانی كویز وئامادەكاری ڕۆژانە لە بابەتەكە و ئەنجامدانی تاقیكردنەوەی میدتێرم و نوسینی ڕاپۆرت و پێشكەشكردنی سیمنار و هەروەها لە كۆتایی كۆرسەكەش تاقیكردنەوەیک ئەنجام دەدرێ.**

.

**15- ئامانجەكانی فێربوون :**

**١- فێربوونی چۆنیەتی هەڵبژاردنی ناونیشانی بابەتێک بۆ توێژنەوەو لێكۆڵینەوەی زانستی بە شێوەیەكی**

ئەكاديميانە.

- چۆنیەتی خوێندنەوەو بەكارهێنانی سەرچاوەی یاریدەدەر و پێویست بەبابەتی هەڵبژاردە.

- نووسینی لێكۆڵینەوەی زانستی.

- شارەزابوون بە ڕێباز و هەنگاوەكانی ئەنجامدانی توێژینەوە.

نووسینی پێشەكی و ئەو هەنگاوانەی پێویستن لە توێژینەوەیەكی زانستیدا بیگرنەبەر.

- نووسینی پەراوێز و سەرچاوە بەكارهاتووەكان.

- چۆنیەتی هەڵێنجانی ئەنجام لە توێژینەوەی زانستیدا.

16- سەرچاوە :


١- د. كمال سعدى، بنەماكانی توێژینەوەی زانستی،هەولێر ، ٢٠٠٩.

٢- ئیسماعیل شخ موراد، ڕێبازی لێكۆڵینەوە لە زانستی  سیاسیدا، سل]مانی ٢٠٠٧.

٣- سەركەوت جەمال، ڕێبازی لێكۆلینەوەی زانستی و پەروەردەیی ، ٢٠٢٠.

٤- د صابر بۆكانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٥- كاوە عەلی مەردان، ڕێبازی لێكۆڵینەوە، نامەی ماستەر ٢٠٢٢.

٦- تەلال مەجزوب، و: مەریوان عەبدول، ڕێبازی لێكۆڵینەوە و ئامادەكردنی لێكۆڵینەوەیەكی تیۆری و پراكتیكی، چ ١، دەزگای توێژینەوەو بلاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی خانی،هەولێر،  ٢٠٠٧.

٧- احمد بدر ، اصول البحث العلمي ومناهجه، وكاله المگبوعات، الكويت،١٩٧٩.

٨- عبدالرحمن البدوی، مناهج البحث العلمی، وكاله المگبوعات، الكويت،١٩٩٧.

٩- احمد شلبی، كيف تكتب بحثا او الرساله، مكتبه النهچه المصريه، القاهره،١٩٦٦.

١٠- علي جواد گاهر، منهج البحث الادبي، مؤسسه العربيه للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٩.

| ناوی مامۆستای وانەبێژ | ١٧. بابەتەکان |
| --- | --- |
| ٣ کاتژمێر | حەفتەی یەکەم : چەمک و پێناسەی ڕێبازی توێژینەوە<br>حەفتەی دووەم: جۆرەکانی توێژینەوە، بنەماکانی توێژینەوە<br>حەفتەی سێیەم: مەرجەکانی توێژەر، پێویستیەکانی توێژینەوە<br>حەفتەی چوارەم: چەشنەکانی ڕێبازی توێژینەوە، هەنگاوە زانستییەکانی توێژینەوە<br>حەفتەی پێنجەم: ئامرازەکانی ڕیبازی توێژینەوە، هەڵبژاردنی ناونیشانی بابەت<br>حەفتەیشەشەم: سەرچاوەو شێوازی سوودوەرگرتن لە سەرچاوە<br>حەفتەی حەفتەم: پلاندانان، قەبارەی توێژینەوە.<br>حەفتەی هەشتەم: پێشەکی نووسین<br>حەفتەی نۆیەم: تاقیکردنەوەی میدتێرم<br>حەفتەی دەیەم: پەراوێزنووسین<br>حەفتەی یازدەیەم: نووسینی سەرچاوە<br>حەفتەی دوازدەیەم: نووسینی پوختە<br>حەفتەی سێزدەیەم: نووسینەوەی بەشەکان<br>حەفتەی چواردەیەم: خوێندنەوەی ڕەشنووسی یەکەم<br>حەفتەی پازدەیەم: تاقیکردنەوەی کۆتایی |

| | |
|---|---|
| | |
| **١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)** | |
| **١٩. تاقیکردنەوەکان**<br>**١. پرسیاری بیرهێنانەوە : پێناسە و ژماردن .**<br>**٢- پرسیاری تێگەیشتن: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.**<br>**٣. شیکردنەوە : لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی شیبکاتەوە و هۆکارەکان بخاتەروو .**<br>**٤. لێکدان: کورتکردنەوەی بابەت دەگرێتەوە .**<br>**٥- هەڵسەنگاندن : قوتابی رای خۆی دەردەبرێت دەربارەی بابەتێک .** | |
| **٢٠. تێبینی تر** | |
| **٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ** | |